ێخی بین.. ڕۆژ هەڵاتی درۆو پاکانە.. خیانەتو خۆ پاك کردنەوە.

**«٣»ی تەمووز:**

ژیان لام زۆر ئاساییە.. ئای کە گەمژە بووم، کاتێ هەستی خۆم گڵاو دەکرد.. شتەکان لام پێچەوانە بوون.. ماوەیەك خۆم دەکرد بە «مەرسۆ»[2] و ماوەیەکیش بە «تشیرتۆبخانۆف»[3]... ئەمرۆ بە پێچەوانەی هەموو جارێك پەروین دوای هەوڵێکی زۆر لەگەڵم ڕازی کردم بەیەکەوە بچینە دەرەوە... هەر لە بەیانییەوە زۆر شوێنی خەمناكو چۆڵمان بەسەر کردەوە.. سەرتاپای باخچەکانی شار گەڕاین.. ترس.. ڕەش بینی.. لای پەروین مانایان نەبوو.. زەردەخەنە لێوە تەنکەکانی جێ نەدەهێشت.. تێناگەم چۆن ئاوا گۆڕاوە.. هەر چەند لێم دەپرسی، وەڵام هەر بزەیەکی ناسك بوو.. لە دواییدا زۆر تکای کرد تا لەگەڵی چووم بۆماڵەوە.. هەمان کەلاوەی داهێزراو.. هەر لەگەڵ گەیشتنمان بۆ ئەوێ، وای لێکردم یەکەم پەردەی ترسو شەرم بدڕێنم.. پەشیمانم. بەڵام خۆمنیش......

**«٤»ی تەمووز..**

کۆستە گەورەکە کەوت. ئەو کۆستەی کە قەت بیرم لێ نەدەکردەوە.. ئەمرۆ دوو تەرم پێکەوە بۆ گۆڕستان بەڕێ خران.. تەرمی پەروینو تەرمی ئاواتەکانم.. ئەمرۆش وەکو سەدان ڕۆژیتر پەتێك لە جیاتی باسکەکانم میوانی گەردنێکی درێژو بێگەرد بوو.. بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردم....

لە گەڵ ووشەی «ماڵئاوایی» دایە پرمەی گریانێکی بە کوڵ.. نەیتوانی یاداشتی دوایین ڕۆژ لەژیانە شیرینەکەی تەواو بکات، بێهۆش کەوتە سەر زەوی ژوورە نیمچە تاریکەکە.. جگە لە دەنگێکی نزمی «ماملێ» کە لە قوڕگی ڕادیۆ شڕەکەوە دەردەچوو هیچی تر نە دەبیسترا.

**هەولێر**
**تەمووزی ١٩٨٦**

**پەراوێزەکان:**

١ – لە چیرۆکی «لەودیو دەرگا ئاسنینەکەوە»ی کاك «شێرزاد حەسەن» ی چیرۆکنووس وەرگیراوە.

٢ – «مەرسۆ» پاڵەوانە تراژیدییەکەی «ئەلبێر کامۆ» لە ڕۆمانی «مردنێکی دڵشاد». کە یەکێکە لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی «کامۆ».

٣ – «تشیرتۆبخانۆف» یەکێکە پاڵەوانە تراژیدییەکانی «ئیڤان تورجینیف» لە یەکێك لە چیرۆکەکانی «یاداشتەکانی ڕاوچییەك».

# ویستگە

**خدرأحمدمحمود**
**قەڵادزێ ١٩٨٧**

کە بێ ئەمەکی نواندو ماڵئاوایی لێکردی، داری خستە ناو هێلانە زەردەواڵەو، خەمو ناسۆری لێ ئاڵۆز کردی.. کێ دەیگووت ئەم خۆشەویستیەت تەمەنی وەرزێکە؟!.

کە کتێبەکانت بە دەستەوە دەگرتو، بەرەو قوتابخانە هەنگاوت دەنا، وات دەزانی بۆ ناو جەرگەی خواستەکانت کێش دەکرێی! نەت دەزانی کام کراسو کام پانتۆڵە جوانە تا لەبەری کەیو، چۆن چۆنی خۆت تیف تیفەدەی.. ئەوە بۆنی خۆش هەر لێی گەڕێ، کەسێك هەڵامەتیشی بایە لە دوورەوە بۆنی بۆنەخۆشەکەی تۆی هەر دەکرد! سواری پاش نەدەبووی، چونکە قوتابخانەکە فرسەخێك لە ماڵەکەتان دوور بوو، ئەو ڕێگایەی کە شوێن پێی هەموو ڕۆژێکت بوو، زۆر بە ئاسانی کاتو شوێنت بەڕێ دەکرد، ڕێت دەگرتە بەرو، بە ناخی خۆتدا شۆڕ دەبوویەوە.. دڵە پڕ لە سۆزەکەت نقوومی چەندەها پرسیار دەکردو، وەڵامەکانیش پچڕ پچڕ بوون، وەك منداڵێکی پۆلی یەکەمی سەرەتایی وەڵامی پرسیارەکانت بداتەوە، پەنجەکانی دەستی چەپت لەگەڵ پرسیارەکاندا یەك یەك دەتەقاندو جارێکی تریش پێیاندا دەهاتیەوە.. دەڕۆیشتیو جادەو خەڵكو عەموودەکانت بەجێ دەهێشتن.. ئەندێشەکانت بە زەردو سەوزو ڕەشو تاڵو شیرینەوە بەناو مەزرای هۆشتدا گوزەریان دەکرد، بۆ خۆشت پێت سەیر بوو، ئەو ڕێیە چۆن تەواو دەبێ! ئەمرۆ دڵت زۆر خۆشە، هەموو شتێکت خۆش دەوێ.. دارو بەردو ڕێو خەونو قوتابخانەو خەڵكو... هتد. هەتا گەیشتیە نزیك قوتابخانەکەتان، هەر کە چاوت بە هاوڕێ خۆشەویستەکەت کەوت، کە لەسەر یەك کورسی قوتابخانە دادەنیشتن، شریتی دنیای بێ لێپرسینەوت پچڕاو سڵاوێکی گەرمو گوڕتان لەیەکتری کردو لێت پرسی:

– زەحمەت نەبێت ئەمرۆش ڕۆژنامەکەت پێیە، ئەوەی بورجەکانی تێدایە؟.

ئەویش بێ سێو دوو ڕۆژنامەکەی لەنێوان کتێبەکان دەرهێناو دایە دەستت، تۆش وەك بە دوای کلیلی دەرگای چارەنووسو خۆزگەکانتدا

بگەڕێ، بەخێرایی پەرەکانت هەڵ دەدایەوە.. شیبایەکی فێنك لەدەمو چاوتی دەدا، لەناخی خۆتدا ناکۆکیەك هەبوو (باشە تۆ بۆ وا دەستەمۆی کەرامەتو ئەفسانە بووی؟) شارەزا ببوی داخوا لەکام لاپەرەیە، چونکە ئەمە ئیشی ڕۆژێكو دوو ڕۆژت نەبوو.. لەوەتای عەشق لە کەللەی دابووی، دەبوو هەموو ڕۆژێ بورجی میزانت خوێندبایەوە!.

پۆل پۆل قوتابیانیش بەرەو قوتابخانە دەکشان.. هەر کە ڕۆژنامەکەت خوێندەوە خەندەیەك زایە لێوەکانتەوە (دەبێ وابێ؟) ئەمڕۆ هاوڕێ‌کەشت دڵی خۆشە، ئەویش هەر هاوڕێی ڕێچکەی ئەوینو دڵداری بوو.. زۆرت خۆش دەویست. هەموو ڕۆژێ بەسەرهاتو تامو چێژی جێژوانی خۆیو ژانەکانی بۆ یەکالا دەکردی.

تەماشای کات ژمێرەکەت کرد، یەکسەر داوای یارمەتیت لەهاوڕێ‌کەت کردو، نزیکەی سەد مەتزێك لە هاوڕێ‌کەت دوور کەوتیەوەو لە شوێنە ستراتیژیەکەی ڕۆژانت وەستای، سێ چوار کچت بینین لەدورەوە دێن.. هەموویان بەردەمت دەگرنەوە.. وێستگە لە تەنیشت تۆوەیە، ناچاری لێرە بوەستی چونکە ئەویش هەر بێرهدا دێ.

بەبەر دەمتا تێ‌پەڕینو گەیشتنە وێستگەکە، تەماشای ڕوخساریانت نەکردن، پێت سەیر بوو.. ڕۆژان ئەو کاتانە دەهات، کەچی ئەمڕۆ دواکەوت لەبەر خۆتەوە لێکت دەدایەوە (دەبێ ئەمڕۆ بۆ دیار نەبێت، تۆ بڵێی نەهاتبێ بۆقوتابخانە؟ ئەگەر نەهاتبێ شتێك ڕووی‌داوە.. هەموو شتێك دەبێ). کەوتیە جوولە لەداخان جگەرەیەکت پێ‌کردو مژێکی قووڵت لێ‌دا، تا ئەو کاتە گاڵتەت بەوانە دەهات کە دەیان گووت: «ناخۆشترین کات چاوەڕوانی‌یە» دەهاتیو دەڕۆیشتی.. جموجۆڵەکەت لە پانتایی سێ مەتر تێ‌پەڕی نەدەکرد، دیسانەوە تەماشای کات ژمێرەکەت کردەوە، باش بوو ئەم جارە کە سەرت هەڵ بڕیەوەو سرنجت دا، لەشت گەرم داهات.. لێدانی دڵت ئاسایی نەما.. دەت گووت لەپێش برکێی هەزار مەتری بەشداریت کردووە، یەکسەر زانیت ئەوە.. جگەرەکەت فڕێ‌دا.. دەستێکت بە سمێڵتدا هێناو تەزوویەکی شادی ئاشنای گیانت بوو، هەموو ڕۆژێ بە بەهانەی شتێکەوە بەیەکەوە دەوەستان، ئەمڕۆ لە گوماندا بووی، جاران دەهات دەیگووت:

- ئەوە بۆ ماوەیەکە نایەی بۆ ماڵەوە، دایکم گلەیی لێ دەکردی! خەریك بوو بگاتە بەردەمت. لەو کاتەدا وات هەست دەکرد لەناو جیهانێکی خۆشو سەیری ئەفسوناویدا باڵ ڕادەوەشێنی، بۆ خۆشت نەت دەزانی چۆن چۆنی ڕوو بەڕووی ببیەوە.. باڵایەکی بەرز.. قژێکی خاو.. جەستەیەکی گۆشتینو ڕووخسارێکی بەسۆزو خەندەیەك لە خەندەکەی مۆنالیزا جوانتر هەموو ڕێبوارێکی ئەو ناوەی دەتاساند، دڵی خۆش با یان ناخۆش هەروا بوو..

جار جارەش گومانو ڕاڕایی وەك هەوری هاوین سێبەری لە هۆشو بیرت دەکرد، چونکە ڕۆژی پێنج شەممە بینیت، زۆر بە بێ‌کەیفی چاكو چۆنی‌یەکی ساردی لەگەڵ کردی، هەر بۆیە شەوی هەینی وەك خوی‌یان لەچاوان کردبێ، چاوت لێك نەنان، چاوەکانت وەك دوو پرۆژکتۆر بریە سپاو چاوەکانی، هات تا گەیشتە ئاستت خۆت ئامادە کرد تا بەووزەی وشەکانی وەرزی ئاسەو هیوات تێراوکەی، کەچی بەبەر دەمتدا تێ‌پەڕیو چاوێکی گرژو مۆنی لێ‌کردی، بێ‌مەیلیو شەرو گۆڕانی تێدا دەخوێندرایەوە، زۆر ئاسای. قەت بڕوات نەدەکرد، وەك لەسەر بانێکت بەردەنەوە..

سۆزت کەوتە سکاڵا کردن لەبەردەمی دادگای هۆشو ویژدانت:

- مانای چی، تۆ بڵێی گۆڕابێ؟ خۆ من خەتایەکم نەکردووە، کوا سۆزو گلەی ئەوینی جارانی؟ ئەی لەو وشانە ناپرسیتەوە کە دەی گووت:

- من بە هەموو قەناعەتێکەوە خۆشم ویستووی، لەوەتای تۆ دەناسم، ژیانم خۆشتر دەوێت!.

هەروا بیروکەو ڕابردووی عەشقت دەخستەوە بەر نەشتەرگەری ڕەوو ڕاستی.. دڵت بڕوای نەدەکرد، لەگەڵ ڕۆیشتنی ڕووت لەگەڵ سوراند تا گەیشتە وێستگەکە، چاوت بە مۆلەق وەستا بوون، تێ‌نەگەیشتی چی ڕووی داوە؟

هێندەی جگەرە کێشێك وەستاو، ئەمڕۆ پشتی تێ‌کردیو وەك چاوەڕوانی یەکێك بکات وایە، کەچی ڕۆژانیش بەرامبەری یەکتری دەوەستانو لەدوورەوە خەندە بارانی یەکتریتان دەکرد.. لەوبیرو ئەندێشەدابووی، ماشێنێکی سپی دوا مۆدێل هات لەبەر دەمی وەستاو. پێش ئەوەی سەرکەوێ، ئاورێکی ڕقو کینەی لێ‌دایەوە، پڕ بوو لە من ئاوایی و «ناتاسم». تا لە چاوان وون بوون لەجێ‌ی خۆت بووی، یەکەم ساتی سەرەتایی ئەم ئەوینەت بیرکەوتەوە (سەردەمێ هەوڵی دنیای‌دا تا نە گەڵیدا پێ‌بکەنمو جارێك پێی بڵێم خۆشم دەوێ‌ی!).

زۆرت پێ سەیر بوو، بەڵام گەیشتیە قەناعەتو بڕیارتدا (کە دنیا خۆشەویستی، بە وەرزێکی تووش ساڵت لەبەر چاو ناخا) بە بیرێکی جەنجاڵەوە بەرەو قوتابخانە هەنگاوت نا!.

●